چل گوڵ له گوڵزاری فه‌رمووده‌ی پێغه‌مبه‌ر ی خۆشه‌ویست صلى الله عليه وسلم

1- خَيرُكُم مَن تَعَلَّمَ القُرآنَ وَعَلَّمهُ . (رواه البخاري و الترمذي و أبو داود)

باشترینتان ئه‌و که‌سه‌یه که قورئان فێر ده‌بێ و که‌سانی تریش فێر ده‌کات .

2- إتَّقِ الله حَيثُما كُنتَ وَأَتبعِ السَّيِّئَةَ الحَسَنَةَ تَمحُها وَ خَالِقِ النّاسَ بِخُلُقٍ حَسَن . (رواه أحمد والنسائي والحاكم والبيهقي)

له هه‌ر کات و حاڵه‌تدا بووی له خوا بترسه و پارێزگاربه، به شوێن هه‌ڵه و تاواندا چاکه بکه ، تا بیسڕێته‌وه.. له‌گه‌ڵ

خه‌ڵکی دا به ڕه‌وشتی جوان هه‌ڵس و که‌وت بکه .

3- وَالَّذي نَفْسي بِيَدهِ لاَ يُؤمِنُ أحَدُكُمْ حَتَّى أكُونَ أحَبَّ إلَيْهِ مِنْ نَفْسِهِ وَاهْلِهِ وَمَالِهِ والنَّاسِ أَجْمَعِيْنْ . (رواه البخاري)

سوێند به‌و که‌سه‌ی که گیانی منی به ده‌سته؛ هیچ که‌س له ئێوه ئیمانی نییه تاکو من له خۆی و که‌س و کاری و هه‌موو خه‌ڵکی خۆشه‌ویست تر نه‌بم له لای .

4- المُسْلِمُ مَنْ سَلِمَ المُسْلِمونَ مِنْ لِسانِهِ وَيَدِهِ . (رواه مسلم و أبو داود)

موسڵمان ئه‌و که‌سه‌یه که موسڵمانان له زمانی و ده‌ستی بێوه‌ی بن .

5- دَعْوَةُ المرءِ المُسْلِمِ لأخِيهِ بِظَهْرِ الغَيْبِ مُسْتِجابَةٌ .(رواه مسلم و أبو داود)

دۆعای مرۆڤی موسڵمان بۆ برای موسڵمان ، له پاشمله ، لای خوای قبووڵه .

6- لَيسَ المُؤمِنُ بالطَّعّانَ ولاَ اللعانِ وَلاَ الفاحِشِ وَلا البَذيء .(رواه البخاري و الترمذي)

بڕوادار تانه و ته‌شه‌ر لێده‌رو له‌عنه‌ت و نه‌فرینکه‌رو جوێن ده‌رو ده‌م پیس نی یه .

7- مَنْ كَانَ يُؤمنُ باللهِ واليَوْمِ الآخرِ فَلْيُكْرِمْ ضَيْفَهُ ، وَ مَن كانَ يُؤمنُ باللهِ واليَوْمِ الآخرِ فَلْيَصِلْ رحِمَه... وَمَنْ كَانَ يُؤمنُ باللهِ واليَوْمِ الآخرِ فَلْيَقُلْ خَيْراً أَو لِيَصْمُتَ . (متفق عليه)

هەر كەس بڕوای بە خواو پاشە ڕۆژ هەيە با ڕێزی میوانی بگرێت... هەر كەس بڕوای بە خواو پاشە ڕۆژ هەيە با سیلەی ڕەحم بە جێ بێنێت و ئاموشۆی خزم و نزیكانی بكات... هەر كەس بڕوای بە خواو پاشە ڕۆژ هەيە با قسەی چاك بكات یا بێ دەنگ بێت .

8- لا يَدْخُلُ الجَنَّةَ قَتّاتٌ . (متفق عليه)

ئەو كەسەی كە گوێ بۆ قسەی خەڵكی هەڵدەخا و قسە چنی دەكات ناچێتە بە هەشتەوە .

9- لَيْسَ مِنَّا مَنْ لَمْ يَرحَم صَغيرَنَا وَيُوَقِّرَ كَبيرَنَا . (رواه أبو داود بسند صحيح)

لە ئێمە نی یە كەسێك بۆ بچوكمان سۆز نەنوێنێ و ڕێزی گەورەمان نەگرێ .

10- لا تَباغَضُوا ، وَلا تَقَاطَعُوا ، وَلا تَحاسَدُوا ، وَلا تَدَابَرُوا ، وَكُونُوا عِبادَ اللهِ إخوَانًا . (متفق عليه)

یەكتری مەبوغزێنن و (ڕقتان لە یەكتری نەبێت) پەیوەندیتان پێكەوە مەبچڕێنن. بە یەكتری حەسوودی مەبەن. پشت لە یەكتری هەڵمەكەن و (ئاگاتان لە یەكتری بێت) ، هەمووتان بەندەی خوا و برای یەكتری بن..

11- آيةُ الْمُنافِقِ ثَلاثٌ ، إذا حَدَّثَ كَذَبَ ، وَإذا وَعَدَ أخلَفَ ، وَإذا اؤْتُمِنَ خَانَ . (متفق عليه)

نیشانەی (دوو ڕوو) سێ شتە : كاتێ قسەی كرد درۆ بكات . كاتێ بەڵێنی دا نەیباتە سەر . كاتێ سپاردەی لا دانرا خیانەتی تیا بكات .

12- لا يَستُرُ عَبدٌ عَبْداً في الدُّنيا إلاّ سَتَرَهُ اللهُ يَوْمَ القِيامَةِ .(رواه مسلم)

هەر كەسێک عەیب و ناتەواوی کەسێک لە دنیادا دابپۆشێت ؛ خوا لە پاشە ڕۆژدا عەیب و ناتەواوی ئەو کەسە دادەپۆشێت .

13– سأَلَ رَجُلٌ رَسُولَ الله (صلى الله علية وسلم) : أيُّ الإسلام خَيرٌ ؟ قَالَ : تُطْعِمُ الطّعامَ وتَقرَأُ السَّلام عَلى مَن عَرَفتَ وَمَن عَرَفتَ وَمَن لَم تَعرِف . (متفق عليه)

پیاوێک لە پێغەمبەری خوای (صلى الله علية وسلم) پرسی : چ جۆرە کردەوەیەکی موسڵمانانە چاکترە؟ فەرمووی : خۆراک ببەخشیت و ، سڵاو بکەیت لەوەی دەیناسیت و لەوەش کە نایناسیت .

14– مَن كَانَ فِي حَاجَةِ أَخيهِ كَانَ اللهُ فِي حَاجَتِهِ ، وَمَن فَرَّجَ عَن مُسلِمٍ كُربَةً فَرَّجَ اللهُ عنه بها كُربَةً مِن كُرَبِ يَومِ القِيامَةِ .(رواه أبوداود)

هەرکەس خەریکی کاروباری برایەکی بێت ، خوا کارو باری بۆ جێ بەجێ دەکات ، هەرکەس ناڕەحەتیەک لەسەر موسڵمانێک لابەرێت ، خوا بەو هۆیەوە ناڕەحەتیەکی ڕۆژی دوایی بۆ لا دەبات .

15– أَلا أُنَبِّئُكُم بأَكبَرِ الكَبَائِر؟ قُلنا بَلى يا رسُولَ الله ، قالَ : الإشراكُ بِاللهِ ، وَعُقُوقُ الوَالدَينِ . وَكانَ مُتّكِئاً فَجَلَسَ فَقالَ : أَلا وَقَولُ شَهادةِ الزّورِ .... (متفق عليه)

ئایا لەگەورەترینی گوناهە گەورەکان ئاگادارتان کەمەوە ؟ ووتمان بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا . فەرمووی : هاوەڵ بڕیاردان بۆ خوا. سەرپێچی کردنی دایک و باوک . لەو کاتەدا شانی دادابوو پاشان دانیشت و فەرمووی : ئاگاداربن گەواهیدان و شایەتی درۆش ...

16– عَن ابنِ عُمَرَ قَال : أَخَذَ رَسُولُ اللهِ بِمَنكِبِي فَقالَ : كُن فِي الدُّنيا كَأَنَّكَ غريبٌ أَو عابِرُ سَبِيلٍ . (رواه البخاري)

لە دنیادا وەکو غەریبێک یا ڕێبوارێک بژی .

17- عَجَبا لأمرِ المُؤمنِ لا يَقضِي الله لَهُ قَضاءً إلا كانَ خَيراً لَهُ ، إنَّ أصابَتهُ ضَرَّاءَ صَبَرَ فَكانَ خَيراً لَهُ وَإن أصابَتهُ سَرَّاءَ شَكرَ فَكانَ خيراً لَهُ . (متفق عليه)

حالّى برِوادار زۆر جىّ ى سەرسوڕمانە : خوا هەرچى بۆ بڕيار دەدا بە خێرى تەواو دەبێت . ئەگەر ئازار و نارەحەتى پێ گەيشت خۆى ڕادەگرێ و سەبر دەكا و سەرەنجام دەبێ بە خێر بۆى. ئەگەر خۆشى و شاديەكيشى پێ گەيشت سوپاسى خوا دەكاو سەرئەنجام ئەوەش دەبێ بەخێر بۆى .

18- لا تَحقِرَنَّ مِنَ المَعروفِ شَيئاً وَلَو أن تَلقى أخاكَ بِوجَهٍ طَليق .(رواه مسلم)

لە كارى چاك و پەسەند هيچ شتێک بێ نرخ سەير مەكە ، ئەگەر ئەوەش بێت كە بە ڕوويەكى خۆش و كراوەوە ڕوو بەڕووى براكەت ببى .

19- أُنظُروا إلى مَن هُوَ أسفَلَ مِنكُم ، وَلا تنظُروا إلى مَن هُوَ فَوقَكُم فَهُوَ أجدرُ أن لا تَزدَروا نِعمَةَ اللهِ عَلَيْكُم . (رواه مسلم)

سەيرى لەخۆتان بەرەو خوارتر بكەن و مەڕوانن بۆ بەرەو ژوور تر لە خۆتان ، ئەمە شياوترە بۆ ئەوەى كە بە بێ ڕێزى سەيرى ئەو نيعمەتانە نەكەن كە خودا پێى بەخشيون .

20- مَن رَدَّ عَن عِرضِ أخيه رَدّ الله عَن وَجْهِهِ النارَ يَومَ القِيامَةِ .

(رواه الترمذي و قال حديث حسن)

هەركەس لە ناموسى برايەكى پشتگيرى بكات ، خوا لە پاشەڕۆژدا ئاگر لە ڕووى دوور دەخاتەوە .

21- البِرُّ حُسنُ الخُلُقِ ، وَلإثمُ ما حاكَ فِي صَدرِكَ وَكَرِهتَ أنْ يطَّلِعَ عَلَيهِ النَّاس . (رواه مسلم)

چاکەی زۆر ڕەوشت جوانی یە ، گوناهیش ئەوەیە کە لە دلّتا خورتە بکا و پێت ناخۆش بێت خەلّکی پێی بزانێت .

22– ما أَذِنَ اللهُ لِشَيءٍ ما أَذِنَ لِنَبِيٍّ حَسَنِ الصَّوتِ يَتَغَنَّي بِالقرآنِ يَجهَرُ بِهِ . (متفق عليه)

خوا مۆلّەتی نەداوە بۆ هیچ شتێک هەرووەکو مۆلّەتی داوە بە پێغەمبەرێکی دەنگ خۆش کە بە ئاوازەوە بە دەنگی ئاشکرا قورئان بخوێنێنەوە

23– لا يَخلُوَنَّ أَحَدَكُم بِإمرَأَةٍ إلا مَعَ ذي رَحِمٍ مَحرَم . (متفق عليه)

هیچ کەس لە ئێوە لەگەلّ ئافرەتێکدا گۆشەگیر نەبێ و لە شوێنی چۆلّدا لەگەلّی کۆنەبێتەوە مەگەر لەگەلّ کەسێکی مەحرەم دا.

24– نِعمَتَانِ مَغبونٌ فيهِما كَثيرٌ مِنَ النَّاس : الصَّحَةُ والفرَاغُ .(رواه البخاري)

دوو نیعمەت زۆر کەس تیایدا خەسارەتمەند و دۆڕاون : تەندروستی و ، بێکاری و فەراغەت . (واتە ناتوانن بە شێوەی شیاوو تەواو سوود لەو دوو نیعمەتە وەربگرن)

25– أَلمُؤمِنُ القَويُّ خَيرٌ وَأَحبُ إلى اللهِ مِنَ المُؤمِنِ الضَّعيف ، وَفي كُلٍ خَيرٌ ، أَحرِص عَلى مايَنفَعُكَ ، وأَستَعِن باللهِ ، وَلاَ تَعجَز ، وَإن أَصابَكَ شَيءٌ فَلا تَقُل : لَو أَنّي فَعَلْتُ كانَ كذا وَكذا ، وَلكِن قُل : قَدَّرَ اللهُ وَمَا شآءَ فَعَل ، فإنَّ (لَو) تَفتَحُ عَمَلَ الشَّيطانِ ... (رواه مسلم)

بڕواداری بەهێز و بازوو باشتر و خۆشەویست ترە لای خوا لە بڕواداری لاواز ، بەلأم لە هەردوو لایاندا خێر و چاکە هەیە . سووربە لەسەر ئەو شتەی کە سوودت پێ ئەگەیەنێ و بە خوا پشت ببەستە و لاوازی مەنوێنە ئەگەر شتێکت تووش هات مەلّێ: ئەگەر واو وام بکردایە واو وا دەبوو ، بەلّکو بلّێ : خوا وای بڕیارداوەو هەرچیش خۆی مەیلی بێ دەیکا ، چونکە وشەی (ئەگەر) (دەرگای) کاری شەیتان دەکاتەوە .

26– مَا يُصيبُ المُسلِمَ مِنَ نَصَبٍ وَلا وَصَبٍ وَلا هَمٍ وَلا حَزَنٍ وَلا أَذى وَلا غَم حتى الشَّوكَةَ يُشاكُها ، إلا كَفَّرَ اللهُ بِها مِن خَطاياهُ .(رواه مسلم)

هەرچیەک کە تووشی موسڵمان دێت لە : ماندوویی و نارەحەتی و مەراق و خەفەت و ئازار و خەم ، تەنانەت دڕکیش کە بە پێ ی دا دەپێت خوا بەو شتانە لە گوناهی هەڵدەوەرێنێت.

27- لا تَزولُ قدَما عَبد حتى يُسأَلَ عَن عُمُرِه فيمَ أفناهُ ، وَعَن عِلمِه فيمَ فَعَلَ فيه ، وَ عَن مالِه من أينَ اكتَسَبَهُ وَفيمَ أنفَقَهُ ، وَعَن جِسمِه فيمَ أَبلاهُ . (رواه الترمذي و قال حديث حسن صحيح)

دوو پێ ی هیچ بەندەیەک ناترازێت تا (لە چوارشت) پرسیاری لێ نەکرێت : لە تەمەنی : کە لە چیدا بەسەری بردووە ، لە عیلم و زانستی : کە لە چیدا بەکاری هێناوە ، لە سامانی : کە لە کوێوە پەیدای کردووە و لە چیدا بەخشیویەتی ، وەلە لاشەی کە لە چیدا تاقی کردووەتەوە ؟

28- عَلى كلِّ مُسلمٍ صَدَقَةٌ ، قَالَ أَرَأيتَ إن لَم يَجِد؟

قَالَ : يَعمَلُ بيَدَيه فَيَنفَعُ نَفسَهُ وَيَتَصَدَّق ، قَالَ : اَرَأيتَ إن لَم يَستَطِع؟ قَالَ : يُعِينُ ذا الحاجة المَلهُوف . قالَ : أرأيتَ إن لَم يَستَطِع؟ قَالَ : يأمُرُ بالمعروف أوالخَير . قَالَ : أرأيت إن لَم يَفعَل ؟ قَالَ : يُمسِكُ عَنِ الشَرَّ فَإنَّها صَدَقَةٌ . (متفق عليه)

هەموو موسڵمانێک خێر کردنی لەسەرە ، یەکێ پرسی : ئەی ئەگەر نەیبوو ؟ فەرمووی : بە دەستی خۆی ئیش بکات و سوود بە خۆی و غەیری خۆی بگەیەنێ ، ووتی : ئەی ئەگەر نەیتوانی؟ فەرمووی : یارمەتی خەڵکی لێقەوماوی موحتاج بدات ، ووتی : ئەی ئەگەر نەیکرد؟ فەرمووی : خۆی بگرێ لە خراپە کردن ، ئەوە خۆی چاکە کردن و (صدقە) یە .

29- يَا أَيُّها النَّاسُ ! مَن عَلِمَ شَيئاً فَليَقُم بِه ، وَمَن لَم يَعلَم فَليَقُل اللهُ أَعلَم ، فإنَ مِنَ العلمِ أَن يَقُولَ الرَّجُلُ لِما لا يَعلَمُ : الله أعلمُ قالَ الله تَعالى لِنَبيه : قُل ما أسأَلُكُم عَلَيهِ مَن أجرٍ وَما أَنَا مِنَ المُتَكَلَّفِينَ .(رواه البخاري)

ئەی خەڵکینە ! هەرکەس شتێکی زانی با بە گوێرەی زانینەکەی جێ بە جێ ی بکات و ، هەرکەس نەیزانی با بڵێت : خوا باشتر دەزانێت ، چونکە ئەمە عیلمە کە یەکێک سەبارەت بەشتێک کە نایزانێت بڵێت : خوا باشتر دەزانێت . خوا بە پێغەمبەرەکەی

فەرمووە : ئەی محمد! تۆ بلێ لەسەر گەیاندنی (ئەم پەیامە) داوای هیچ پاداشتێکتان لێ ناکەم و ، من لەو کەسانە نیم کە زۆر لە خۆیان دەکەن

30- إنَّ المؤمِنَ لَيُدرِكُ بِحُسنِ الخُلُقِ دَرَجَةَ الصَّائِمِ القائِم.(رواه ابو داو)

بڕوادار بە ڕەوشت جوانی دەگاتە پلەی ڕۆژووگری شەوبێدار .

31- جاءَ رَجُلٌ إلَى رَسُولِ الله فَقالَ : أَوصِنِي فَقالَ : لا تغضَب .(رواه البخاري)

پیاوێک هاتە خزمەت پێغەمبەری خواو عەرزی کرد : ئەی پێغەمبەری خوا ئامۆژگاریم بکە، فەرمووی : تووڕە مەبە (لە ریوایەتێکدا سێ جار فەرمووی : تووڕە مەبە) .

32- أَيُّهَا النَّاس ! إنَّ الله طَيِّبٌ لا يَقبَلُ إلاّ طَيبا – وَإنَّ الله أَمَرَ المؤمِنينَ بما أَمَرَ به المرسَلينَ ، فَقالَ (يا أَيُّها الرُّسُلُ كُلوا مِنَ الطَّيِّبات وَاعمَلوا صالحا) وَقالَ تَعالى : (يأيها الذينَ آمنو كُلُوا مِن طَيبات ما رَزَقناكُم) ثُمَّ ذَكرَ الرَّجُلَ يُطيلُ السَّفَرَ ، أَشعَثَ أغبَرَ ، يَمُدُّ يَدَيه إلى السَّمآءِ : يا ربُّ يا ربُّ !! وَمَطعَمُهُ حَرامٌ وَمَشرَبُهُ حَرامٌ ، وَغُذِيَ بِاالحرام فأنّى يُستَجابُ لَهُ ؟!.. (رواه مسلم)

ئەی خەڵکینە ! بەڕاستی خوا خاوێنە و هەرچی خاوێن نەبێت وەری ناگرێت . بەڕاستی خوا ئەو فەرمانەی کە بەسەر پێغەمبەرانیدا داوە بەسەر موسڵمانانیشدا داوە .
فەرموویەتی : ئەی پێغەمبەران ؛ لەو شتە پاک و خاوێنەکان بخۆن و کاری چاکە بکەن ، هەروەها فەرموویەتی : ئەی بڕواداران ؛ لەو شتە پاک و خاوێنانەی کە پێمان داون بخۆن.. پاشان پێغەمبەری خوا (صلى الله علية وسلم) باسی کەسێکی کرد کە لە سەفەردا زۆری پێ دەچێ و، سەرو پرچی هاتووە و تەپ و تۆزاویەو ، دوو دەستی بەرەو ئاسمان بەرز دەکاتەوە و، (دەڵێ) : ئەی پەروەردگارم ؛ ئەی پەروەردگارم ؛ لە کاتێکدا کە خواردن و خواردنەوەی حەرامە و بە حەرام تێرکراوە ، ئیتر چۆن پاڕانەوەی گیرا دەبێ و چۆن وەڵامی دەدرێتەوە ؟!.

33- ما مِن يَومٍ يُصبِحُ العِبادُ فِيهِ إلا مَلَكَان يَنــزلانِ ، فَيَقُلُ أَحَدُهُما : (اللهمُ أعطِ مُنفقاً خَلَفاً ، وَيَقولَ الآخرُ: اللَّهمَّ أَعطِ مُمسكاً تَلَفاً) .

هیچ شەوێ ڕۆژ لە بەندەکانی خوا نابێتەوە مەگەر دوو فریشتە دێنە خوارەوە و یەکێکیان دەڵێت : خوایە ؛ هەرکەس سامانی دەبەخشێت و (صدقە) دەکات ماڵی تری پێ

بده ، ئەوەی تریشیان دەڵێت : خوایە ؛ هەرکەس دەستی قوچاندووە و لە دارایی خۆی نابەخشێ ماڵەکەی لە نێو بەرەو بیفەوتێنە .

34- أَيُّكم مَالُ وارِثِهِ أَحَبُّ إِلَيهِ من مالِهِ . قالُوا : يا رَسُولَ الله ! ما مِنا إلا مَالُهُ أَحَبُّ إِلَيهِ . قال : فإِنَّ مالَهُ ما قَدَّم و مَالُ وَارِثِهِ ما أَخَّرَ.(رواه البخاري)

کێ لە ئێوە ماڵی خۆی لە لا خۆشەویست رە ؟ ووتیان : ئەی پێغەمبەری خوا ؛ هەمووومان ماڵی خۆمان لە لا خۆشەویست ترە . فەرمووی : دەی بەڕاستی هەرکەس ماڵی خۆی ئەوەیە کە پێشی خۆی خستووە و بەخشیویەتی و ، ماڵی میرات بەرەکەی ئەوەیە کە هێشتویەتەوە . (چونکە بۆ ئەو بەجێ دەمێنێت) .

35- لا يَبْلُغُ العَبْدُ أَنْ يَكونَ مِنَ المُتَقّينَ حَتّى يَدَعَ ما لا بَأْسَ بِهِ حَذَراً مِمَّا بِهِ بَأسْ . (رواه الترمذي و قال حديث حسن)

بەندەی خوا ناگاتە ڕادەیەک کە بچێتە ریزی لە خوا ترسان و (متقي) یەکان ، تا واز لەو شتانە بێنێت کە لە ڕووی شەرعی یەوە گیروگرفتیان لەسەر نی یە ، لە ترسی ئەوەی کە نەبێ بە تووشی ئەو شتانەوە کە لە ڕووی شەرعی یەوە پەسەند نین .

36- إِيّاكُم وَالدُّخُلُ عَلى النِّساءِ ، فَقَالَ رَجُلٌ مِنَ الأنصارِ : أَفَرَأَيتَ الحَمْوَ ؟ قَالَ : الحَموُ المَوتُ . (متفق عليه)

وریابن خۆتان لە چوونە لای ئافرەتان (بە تەنیایی) بپارێزن ، پیاوێک لە یاریدەدەران فەرمووی : ئەی خزمی نزیکی ژن بۆ بۆ پیاوەکەی یا بە پێچەوانەوە (واتە ماڵە خەزورانی هەردوولا بۆ یەکتر وەکو -ژن خوشک- بۆ پیاو ، یا -هێوەر- بۆ ژن ، حوکمی چۆنە ؟ فەرمووی : ئەوە هەر مەرگە .(واتە مەرگ لەو کارە چاکترە ، یا ئەو کارە مرێنەرە) دیارە ئەوە دەگەیەنێت کە حوکمەکەی توندترە ، چونکە جێگەی گومان نی یە و خەڵکی تووش بوونی گوناه بە دوور دەزانن و بەو هۆیەوە شەیتان زیاتر لە کەمیندایە .

37– إذا آوَى أحَدُكُم إلى فِراشه فَلْيَنفضْهُ بداخلَة إزارِه فإنَّهُ لا يَدري ما خَلْفَهُ عَلَيه ، ثُمَّ لِيَقُلْ : باسمك رَبّي وَضَعتُ جَنبي وَبِكَ أرفَعُهُ . إن أَمسَكتَ نَفسي فَارحمها وَإن أَرسَلتَها فاحفَظها بِما تَحفَظُ بِه عِبادَكَ الصَّالِحينَ . (متفق عليه)

گەر كەسێكتان چووە ناو جێگای نووستن باجێوبانەكەی بتەكێنێت ، چونكە نازانێ چی تیا بەجێ ماوە (واتە دەگونجێت جانەوەرێک یا شتێكی ئازاردەری تێدا بێت) ، پاشان بلێت : بەناوی تۆوە ئەی پەروەردگارم ڕاكشام و بەناوی تۆشەوە هەڵدەستمەوە . ئەگەر لەم نوستنەم دا گیانت كێشام ڕەحمم پێ بكەو ، ئەگەر گیانیشت نەكێشام بەو شێوەیەی گیانی پیاوچاكانی خۆتی پێ دەپارێزی ، بیپارێزە .

38– أَللّهُمَّ إِنِي أَسأَلُكَ الهُدى والتَّقى والعَفَافَ وَالغَنِى . (رواه مسلم)

ئەی خوایە؛ بە ڕاستی من ڕێنومایی و لە خوا ترسان و داوێنپاكی و قەناعەت و بێ ئیحتیاجی ، هەر لە تۆ داوا ئەكەم .

39– مَن خافَ أدلَجَ ، وَمَن أَدلَجَ بَلَغَ المَنــزِلَ ، ألا إِنّ سِلعَةَ اللهِ غالِيَة أَلا إِنَّ سِلعَةَ اللهِ الجَنَّة . (رواه الترمذي و قال حديث حسن)

هەركەسێ بترسێ (زوو و لە سەرەتای شەوی تەمەنیدا) دەكەوێتە ڕێ ، وە هەركەس زوو بكەوێتە ڕێ دەگاتە مەنزڵ ، ئاگادار بن؛ بە ڕاستی كاڵای خوا گرانە ، ئاگادار بن؛ كاڵای خوا بەهەشتە .

40– بَادِرُوا بالأَعمَالِ سَبعاً ، هَل تَنظُرونَ إلاّ : فَقراً مَنسيا ، أو غَنِيَ مَطغياً ، أَو مَرَضاً مُفسداً ، أَو هَرِماً مُفنداً ، أو مَوتاً مُجهِزاً ، أَوِ الدَّجال ، فَشَرُّ غائِبٍ يُنتَظَر ، أَو السّاعة والساعَةُ أَدهَى وَأَمَرّ .(رواه الترمذي و قال حديث حسن)

لە حەوت كاردا دەست پێش خەری بكەن ، ئێوە جگە لەم حەوت شتە چاوەڕوانی چی تر دەكەن ؟ : یا هەژاری یەک كە شتتان لە بیر دەباتەوە ، یا دەوڵەمەندییەک كە سەركەشتان دەكات ، یا نەخۆشی یەک كە ئەتان فەوتێنێت ، یا پیری یەک كە ئەتان خلافێنێت ، یا مردنێک كە ئەتان بڕێتەوە ، یا دەججال ، كە خراپترین گوم بوویەكی چاوەڕوان كراوە ، یا دوا ڕۆژ كە زۆر تاڵ و ناسۆر ترە .